# العلاقة بين المخططات الإدراكية والبنى النحوية في اللغة الكردية: مقاربة دلالية إدراكية

هازه اسماعيل رمضان
hazha.ramadan@su.edu.krd
ا.د.نريمان عبدالله كريم
قسم اللغة الكردية – كلية التربية الا ساسية / جامعة صلاح الدين – اربيل
nareman.kareem@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: المخطط الإدراكي، النحو الكردي، الدلالة الإدراكية، التمثيل اللغوي، مخطط الصورة

**كيفية اقتباس البحث**
رمضان , هازه اسماعيل , نريمان عبدالله كريم , العلاقة بين المخططات الإدراكية والبنى النحوية في اللغة الكردية: مقاربة دلالية إدراكية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# العلاقة بين المخططات الإدراكية والبنى النحوية في اللغة الكردية: مقاربة دلالية إدراكية

# The Relationship between Cognitive Schemas and Grammatical Structures in Kurdish: A Cognitive Semantic Approach

Hazha Ismael Ramadhan
hazha.ramadan@su.edu.krd

Prof. Dr. Nareman Abdulla Karem
Kurdish language department,college of basic education,Salahaddin University - Erbil
nareman.kareem@su.edu.krd

**Keywords** : Cognitive Schema, Kurdish Grammar, Cognitive Semantics, Conceptualization, Image Schema

**How To Cite This Article**
Ramadhan ,Hazha Ismael , Nareman Abdulla Karem ,The Relationship between Cognitive Schemas and Grammatical Structures in Kurdish: A Cognitive Semantic Approach ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**

This study aims to investigate the relationship between cognitive schemas and grammatical structures in the Kurdish language. Cognitive schemas, understood as mental patterns derived from embodied and spatial experiences, play a crucial role in the formation and organization of meaning. In Kurdish, these schemas are reflected through grammatical and syntactic constructions, and their interpretation cannot be achieved without reference to the grammatical system of the language. Adopting

the framework of Cognitive Semantics, this research examines key image schemas as represented in selected Kurdish texts. The analysis reveals that each schema correlates with specific grammatical patterns, such as the use of prepositions, motion verbs, temporal and directional adverbs, and comparative constructions. For instance, Kurdish compound verbs are especially prominent in expressing the *Force* schema, while adjectives and comparative adverbs most clearly represent the *Scale* schema. The findings suggest that Kurdish grammar functions not merely as a combinatory system of words, but as a cognitive mechanism reflecting human spatial and conceptual experiences. Consequently, understanding Kurdish grammatical structures without considering cognitive schemas provides an incomplete picture of how meaning is constructed in the language. The first part of the paper discusses theoretical concepts related to the linguistics of perception and the explanation of schemas, how meaning is formed in the human brain. In the second part, we will examine Kurdish with several sentences to show the relationship between these schemas and the grammatical structures of Kurdish. In the final section, it is concluded that Kurdish grammar is not just a set of rules, but a reflection of human experiences and mental understanding of the world.

## ملخص

يهدف هذا البحث إلى دراسة العلاقة بين المخططات الإدراكية والبنى النحوية في اللغة الكردية. تُعدّ المخططات الإدراكية أنماطاً ذهنية تنشأ من الخبرات الجسدية والفضائية للإنسان، وتؤدي دوراً محورياً في تكوين المعنى وتنظيمه. في اللغة الكردية، تنعكس هذه المخططات من خلال التراكيب النحوية والتركيبية، ولا يمكن فهمها فهماً كاملاً دون الإحاطة بالنظام النحوي للغة. ومن خلال اعتماد إطار الدلالة الإدراكية، تم تحليل مجموعة من المخططات الإدراكية كما تتجلى في نصوص كردية مختارة. أظهرت النتائج أن كل مخطط يرتبط بأنماط نحوية محددة، مثل استخدام حروف الجر، والأفعال الحركية، والظروف الزمانية والمكانية، والتراكيب المقارنة. فعلى سبيل المثال، تُظهر الأفعال المركّبة في الكردية دوراً بارزاً في تمثيل مخطط القوة، بينما تُعبّر الصفات والظروف المقارنة بشكل أوضح عن مخطط المقياس. تشير النتائج إلى أن النحو الكردي لا يُعَدّ مجرد نظام لتركيب الكلمات، بل آلية معرفية تعكس التجارب المكانية والمفاهيمية للإنسان. ومن ثمّ، فإن فهم البنى النحوية الكردية دون النظر إلى المخططات الإدراكية يُعدّ فهماً ناقصاً لبناء المعنى في اللغة. يتناول الجزء الأول من هذه الورقة المفاهيم النظرية المتعلقة بعلم اللغة الإدراكي وشرح المخططات، وكيفية تشكّل المعنى في الدماغ البشري. في الجزء الثاني،



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

سندرس اللغة الكردية من خلال عدة جمل لإظهار العلاقة بين هذه المخططات والبنية النحوية للغة الكردية. في القسم الأخير، نخلص إلى أن قواعد اللغة الكردية ليست مجرد مجموعة من القواعد، بل هي انعكاس للتجارب الإنسانية والفهم الذهني للعالم.

## پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سکیما و پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی زمانناسیی درکپێکردن

هاژە ئیسماعیل ڕەمەزان
ئیمێڵ: hazha.ramadan@su.edu.krd
پ.د. نەریمان عەبدوڵلا کەریم خۆشناو
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین
ئیمێڵ:nareman.kareem@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست ئامانجی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سکێما و پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو. جۆرەکانی سکێما وەک سکێمای دەروونی، کە لە ئەزموونەکانی مرۆڤەوە وەرگیراون، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتن و ڕێکخستنی واتادا دەگێڕن. لە زمانی کوردیدا جۆرەکانی لەڕێگەی پێکهاتە ڕستەسازی و ڕێزمانییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمی ڕێزمانی زمانەکە، قسەکەران لەیەکتری تێناگەن. لەم توێژینەوەیەدا بە سوودوەرگرتن لە چوارچێوەی زمانناسیی درکپێکردن، جۆرەکانی سکێما لە نمونەکانی دەقی کوردیدا شیدەکرێنەوە. شیکاری داتاکان دەریدەخەن، کە هەریەکێک لەم سکێمایانە، پەیوەستن بە سکێما ڕێزمانییە تایبەتەکانەوە، وەک بەکارهێنانی پێشگرەکان، کار و بەرکار، ڕستەی کاتی و ئاراستەیی و ڕیزبەندیی وشەکان. بۆ نموونە کارە ئاڵۆزەکانی کوردی لە سکێمای "هێز"دا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن، لە کاتێکدا ئاوەڵناو و ڕستەی بەراوردکاری زیاتر لە سکێمای "پێوانەیی"دا بەکاردەهێنرێن. ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێزمانی کوردی تەنیا ئامرازێک نییە بۆ تێکەڵکردنی وشەکان، بەڵکو میکانیزمێکی هۆشەکیی و درکپێکردنە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤ. بۆیە دەکرێ بڵێین تێگەیشتن لە سیستەمی ڕێزمانی کوردی بەبێ ڕەچاوکردنی جۆرەکانی سکێما، تێگەیشتنێکی ناتەواو لە پێکهاتەکانی واتا لە زماندا دابین دەکات.

**کلیلە وشە:**
سکێما، ڕێزمانی کوردی، واتاسازیی درکپێکردن، چەمکاندن، سکێمای وێنەیی

**پێشەکی**

سکێماکان ئامرازگەلێکی دەروونین، کە مرۆڤەکان بۆ ڕێکخستن و تێگەیشتن لە ئەزموونەکانی ڕۆژانەیان بەکاریدەهێنن. ئەم سکێمایانە یارمەتیمان دەدەن لەوە تێبگەین، کە ڕووداوەکان و شتەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان چۆن کاردەکەن، هەروەها یارمەتیدەرمان دەبن بۆ پلاندانان و پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتەکانمان. زمان بەتایبەتی ڕێزمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە نواندنەوەی ئەم سکێمایانە دەگێڕێت، چونکە لەڕێگەی کار و ئاوەڵناو و ڕستە و پێکهاتەی ڕستەوە، واتا دەروونییەکان و سکێماکانی درکپێکردن بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو دەگەیەنن.

توێژینەوە جۆراوجۆرەکان دەریانخستووە، کە جۆرەکانی سکێما نوێنەرایەتی لایەنێکی ئەزموونی مرۆڤ لە زمانی کوردیدا دەکەن، بە ڕیزبەندییەکی دیاریکراو نیشاندەدرێن.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی وردی نێوان جۆرەکانی سکێما و پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا، بۆ ئەوەی نیشانبدەین، کە زمان چۆن وەک ناوبژیوانێک لەنێوان عەقڵ و ئەزموونە دەرەکییەکان کاردەکات و چۆن پێکهاتە ڕێزمانییە سادەکان ئاڵۆزترین چەمکەکان ڕوووندەکەنەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی نموونە کوردییە ڕاستەقینەکان نیشاندەدات، کە زمان و ناسینی مرۆڤ بە بەردەوامی کارلێک دەکەن و هەریەکەیان بەبێ ئەوی دیکە تەواو نییە.

**١- ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە (پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سکێما و پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی زمانناسیی درکپێکردن) ئەم توێژینەوەیە لە بواری زمانناسیی درکپێکردن داتاکان تاوتوێدەکات.

**٢- گرنگی توێژینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەی ئێستا گرنگە، چونکە ئەوە دەردەخات پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان واتا و جۆرەکانی سکێما لە عەقڵی مرۆڤ و پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیدا هەیە. زۆربەی توێژینەوەکانی پێشووتر لە ڕوانگەی ڕێزمانی دێریندا سەیری ڕێزمانی کوردییان کردووە و کەمتر گرنگییان بە لایەنی درکپێکردن و دەروونییەکانی داوە. شیکردنەوەی جۆرەکانی سکێما یارمەتیدەرمانە، بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی و چۆن مرۆڤەکان بە بەکارهێنانی ڕێزمان ئەزموونە دەروونی و جەستەییەکانیان دەردەبڕن. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە فێرکردنی زمانی کوردی و وەرگێڕان و شیکردنەوەی گوتاریشدا سوود وەربگیرێت، بەو پێیەی تێگەیشتنێکی قووڵترمان لە واتای شاراوە لە پێکهاتە زمانەوانییەکاندا پێدەبەخشێت.

**٣- کۆمەڵگە و کەرەستەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئاماری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵێک دەقی نووسراو و قسەکراوی زمانی کوردی کرمانجیی ناوەڕاست پێکدێت، کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆری وەک کتێبی ئەدەبی، گفتوگۆی ڕۆژانە و دەقی میدیایی هەڵبژێردراون. نموونەکان بەمەبەست هەڵبژێردراون، بۆ ئەوەی ئەو ڕستانە لەخۆبگرن، کە تێیدا جۆرەکانی سکێما بەڕوونی دیارن.

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان شێوازی کتێبخانەییە و بەپێی شیکاری وەسفییە. شێوازی شیکاری لە چوارچێوەی زمانناسیی درکپێکردن بەکارهێنراوە، بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتە ڕێزمانییەکان وەک (کار، پێشگر، ڕستە و ئاوەڵناو و هتد) و جۆرەکانی سکێما. داتاکان بەشێوەیەکی وەسفیی شیکاریی پشکنینیان بۆ کراوە، بۆئەوەی بەوردی سکێما و چەمکییەکان لە زمانی کوردیدا دەستنیشانبکرێت.

**٤- ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، باس و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکی سەربەخۆ و سیستەماتیکی نێوان جۆرە جیاوازەکانی سکێمای درکپێکردن و پێکهاتەکانی ڕێزمانی زمانی کوردییە، کە بەپێی ڕێبازی زمانناسیی درکپێکردن ئەنجام دەدرێت. توێژینەوەکە هەوڵدەدات پێکهاتەکانی ڕێزمان بە چ شێوازێک لەگەڵ سکێماکانی زمانی کوردیدا لە زەینی قسەکەران جێگیر دەبن. توێژینەوەی بەردەست لەم چوارچێوەدا دەیەوێت باس لەوە بکات، کە جۆرەکانی سکێماکانی درکپێکردن لەناو پێکهاتەکانی سینتاکسی زمانی کوردی بە چ شێوەیەک دەنوێندرێن.

**٥- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

١- چ جۆرە سکێمایەک لە زمانی کوردیدا هەن و تایبەتمەندییان چین؟

٢- ئەم سکێمایانە چۆن کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ڕێسا و پێکهاتەی ڕێزمانی کوردی هەیە؟

٣- پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سکێماکان وەک ڕیزبەندی وشە، شوێنی بکەر و بەرکار و پێکهاتەی ڕستە لە کوردیدا چییە؟

٤- ئایا شیکردنەوەی سکێماکان دەتوانێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە بۆچی هەندێک لە ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی وەستاو و نەگۆڕ نین؟

**٦- پلان و بەشەکانی توێژینەوەکە:**

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا باس لە چەمکە تیۆرییەکانی پەیوەست بە زمانناسیی درکپێکردن و ڕوونکردنەوەی سکێماکان دەکات، کە چۆن واتا لە مێشکی مرۆڤدا دروستدەبێت. لە بەشی دووەمدا بە چەند ڕستەیەک لە زمانی کوردی دەکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم سکێمایانە و پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی نیشانبدەین. لە بەشی کۆتاییدا ئەو دەرەنجامە دێت، کە ڕێزمانی کوردی تەنیا کۆمەڵێک ڕێسا نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤ و تێگەیشتنی دەروونییە بۆ جیهان.

**بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ سکێماو زمانناسیی درکپێکردن**

**١-١ چەمکی سکێما و پێناسەی درکپێکردن**

وشەی درکپێکردن لە کوردیدا زۆرجار بە «هۆشەکی و ناسینی» ناوی دەهێنن، ڕوانگەیەکی نوێیە لەمەڕ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پەیوەندیی زمان و هزر، بە واتایەکی دیکە زمانناسیی درکپێکردن ڕوانگەیەکە لەسەر توێژینەوەی زمان، کە تێیدا توانا زمانییەکانی مرۆڤ لە توانا هۆشەکییەکانی دیکەی جیاناکرێتەوە. لەڕاستیدا زمانناسیی درکپێکردن ڕوانگەیەکی جیاوازە بۆ زمان بەپێی ئەزموون و تێڕوانینەکانی مرۆڤە لە جیهانی دەوروبەری(محەمەدی، 2023 : 16). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا وشەی درکپێکردن بەکاردەهێنین.

زمانناسان پێیان وایە زمان زیاترە لە کۆمەڵێک ڕێسای پەتی و ئەبستراکتی، بەڵکو زمان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ و پێکهاتە دەروونییەکانە. یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە بریتییە لە سکێما. ئەم وشەیە چوارچێوە یان نەخشەی دەروونییە، کە مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە جیهان و پۆلێنکردنی ئەزموونەکان و بەرهەمهێنانی واتا بەکاریدەهێنێت. بە واتایەکی تر کاتێک ئێمە قسە دەکەین، یان ڕستەیەک پێکدەهێنین، بەبێ ئاگاداری ئەم ڕەوتە بەکاردەهێنین.

**١-٢ زمانناسیی درکپێکردن**

*زمانناسی درکپێکردن ڕێبازێکی نوێیە، کە دەڵێت زمان نواندنەوەی شێوازەکانی بیرکردنەوە و تایبەتمەندییەکانی عەقڵی مرۆڤە (Croft & Cruse,2004:56). توێژەرانی ئەم بوارە بیر لە عەقڵ دەکەنەوە وەک ئامێرێک بۆ نواندنەوەی زانیاری و هەوڵدەدەن نیشانییدەن، کە مرۆڤەکان چۆن ئەزموونەکانی خۆیان لە جیهاندا لە مێشکیدا هەڵدەگرن (Luria, 1976: 7). ئەم بوارە بەشێکی گرنگی زمانناسییە، کە پەیوەندی نێوان ئەزموونەکانی مرۆڤ و سیستەمی چەمکەکان و پێکهاتە واتاییەکانی زمان تاوتوێدەکات (ڕاسێخ-موهاند، 1389: ٢٢). یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی ئەم بوارە بریتییە لە سکێما. لیکاف دەڵێت کە دەکرێت ئەم بوارانە*

*وەک خاڵی دەستپێک لە مێتافۆرێکدا بەکاربهێنرێت. سکێماکان ڕەگیان لە ئەزموونە فیزیکییەکانماندا هەیە (Lakoff, 1993: 245).*

*پەیوەندی نێوان سکێما و زمانناسیی درکپێکردن ئەوەیە، کە ئەم سکێمایانە یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی واتا و پێکهاتەی زمان. بە واتایەکی تر ڕێزمان، ڕیزبەندی وشەکان و توخمەکانی ڕستەسازی دەتوانن ڕەنگدانەوەی چالاکبوونی سکێماکان بن. کاتێک مرۆڤ ڕستەیەک دروستدەکات، یان لە دەقێک تێدەگات، بەشێوەیەکی نائاگایانە ئەم سکێمایانە بەکاردەهێنێت. بۆیە لێکۆڵینەوە لە سکێماکان لە چوارچێوەی زمانناسیی درکپێکردندا ڕێگەمان پێدەدات باشتر لە پەیوەندی نێوان هزر و واتا و پێکهاتەی ڕێزمانی لە زمانە سروشتییەکان تێبگەین (Talmy, 2005:99).* بۆ نموونە سکێمای "ڕێگا" لە جووڵەی فیزیکی سەرچاوەدەگرێت، لە پێکهاتە ڕێزمانییەکانی کاتدا دەبینرێت، کە زمان نوێنەرایەتی جووڵە لە کاتدا دەکات. وەک جووڵە لە شوێنی خۆیدا بۆ نموونە ("گەیشتینە کۆتایی هەفتە" یان "منداڵیم تێپەڕاند"). ئەم بۆچوونە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕێزمان تەنیا کۆمەڵێک ڕێسای ئاسایی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی مێشک و دەروونی مرۆڤە، واتە ئەو ڕێگایانەی مرۆڤەکان هەست بە جیهان دەکەن (Wachowiak & Gromann,2022:4).

(سکێما) یان مۆدیلی زەینی (mental model) پێکهاتەیەکی زانینە، کە پێشتر لە مێشکدا هەیە. بە واتایەکیتر سکێما زانیارییەکە وەکو بەستەبەندی لە زەین و بیرەوەریی درێژخایەنی ئێمەدا پاشکەوتکراوە و چەسپاوە، دواتر بۆ لێکدانەوەو و تێگەیشتن لە دیاردەکانی کۆمەڵگە سوودی لێوەردەگرین(سورخی و محەمەدی: ٢٠٢٥: ٤٣٣).

لە زمانناسیی درکپێکردندا مۆدێلی زەینی وێنەیەکی دەروونییە، کە مرۆڤ لە دۆخێک، ڕووداوێک، دەقێک، یان جیهانێک دەیخولقێنێت. ئەم چەمکە بەتایبەتی لە کارەکانی جۆنسۆن-لایردەوە ناسراوە. کاتێک ڕستەیەک دەخوێنینەوە یان دەبیستین، تەنها وشەکان پێڤاژۆ ناکەین، بەڵکو "نواندنەوەی دەروونی"شی بۆ دروستدەکەین، کە ئەم نواندنە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشوو و زانیاری کولتوری و باری دەورووبەرە(Johnson-Laird:1983,165).

بۆ نموونە کاتێک دەبیستین: "پۆلیس هاتە ناو ماڵەوە"، یەکسەر دیمەنێک لە مێشکماندا دروستدەکەین: (دەرگا، ماڵ، ئەفسەر، جووڵە، ڕەنگە دڵەڕاوکێ یان مەترسی). ئەم وێنەیە لە ڕستەکەدا دەرناکەوێت، بەڵام مۆدێلی زەینی مرۆڤ هەستی پێدەکات. لە زمانناسیی درکپێکردندا بۆ نموونە (لە بەرهەمەکانی ڤان دایکدا)، مۆدێلە زەینییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن، چونکە ئەوە ڕوونکەنەوە، کە بۆچی دوو گرووپی کۆمەڵایەتی بە تەواوی جیاواز لە دەقێکی هاوشێوە تێدەگەن. هەر گرووپێک مۆدێلێکی زەینی جیاواز لەسەر بنەمای ئەزموون و ئایدۆلۆژیا و یادەوەری بەکۆمەڵی خۆی دروستدەکات. بەم پێیە واتا لە دەقدا "هەبوونی" نییە، بەڵکو لە مێشکی بەردەنگدا بنیاتنراوە(van Dijk:٢٠٠٨:٧٩) لە زمانناسیی ناسیندا مۆدێلی زەینی پردێکە لەنێوان زمان و درکپێکردن و جیهانی کۆمەڵایەتیدا (Garnham: 1997: 65)

بۆ نموونە: ١- ئابووری لە داڕماندایە.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

ڕەنگە کرێکارێک مۆدێلێکی زەینی "گرانی، بێکاری، نائەمنی" لە مێشکی خۆیدا دروستبکات، بەڵام ئابووریناسێک ڕەنگە مۆدێلێکی زەینی "هەڵاوسان، خاوبوونەوەی گەشەکردن، نیشاندەرە ئابوورییەکان" لە مێشکی خۆیدا چالاک بکات.

بە پێچەوانەی سکێمای وەستاو، سکێمای بزێو پێکهاتەیەکی گۆڕاوە. لە زمانناسیی درکپێکردندا ئەم جۆرە سکێمایە بەتایبەتی لە تیۆرییەکانی (لانگاکەر) و (لاکۆفدا) دەبینرێت (Langacker,2008:114).

سکێمای بزێو ڕێگەمان پێدەدات زانیاری نوێ هەڵبژێرین و دەستکاری یان بنیاتنانەوەی پێکهاتەکانی پێشووی مێشکمان بکەین. سکێمای بزێو کاتێک چالاک دەبێت، کە ڕووبەڕووی ئەزموونێکی نوێ دەبینەوە، کە لەگەڵ زانیارییەکانی پێشووماندا ناگونجێت. لە تێگەیشتنی دەقدا ئەم جۆرە سکێمایە زۆر گرنگە، چونکە واتا هەمیشە جێگیر نییە و بەپێی دەوروبەر و بارودۆخ و ئەزموونی بەردەنگ دەگۆڕێت. لە گوتارە کۆمەڵایەتییەکان، سکێمایە بزێوەکان ڕووندەکەنەوە، کە چۆن چەمکەکانی وەک "ئازادی"، "ئاسایش"، یان "ناسنامە" بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن. لێرەدا زمان تەنیا نواندنەوەی بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گۆڕینی سکێما دەروونییەکان (Zwaan& Radvansky,1998:129).

بۆ نموونە: کەسێک کاتێ کە پێشتر "میدیا"ی تەنیا وەک تەلەفزیۆن هەژماردەکرد، دوای ئەوەی ئەزموونی سۆشیال میدیا دەکات، سکێمای دەگۆڕێت و ئێستا "میدیا" مانایەکی فراوانتر و دینامیکیتری بۆ ئەو هەیە.

**١-٣ واتا وەک پێکهێنانی دەروونی لە کاتی خوێندنەوەدا**

ئەمڕۆ لە زمانناسیی درکپێکردندا واتا شتێک نییە، کە ڕاستەوخۆ لە خودی وشەکان یان ڕستەکاندا نیشتەجێ بێت، بەڵکو دەرئەنجامی چالاکبوونی زانستی دەروونی خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا. کاتێک مرۆڤ دەقێک دەخوێنێتەوە، مێشکی لە یەک کاتدا ئەزموونەکانی پێشوو و زانیاری کۆمەڵایەتی و چاوەڕوانییە بارودۆخییەکان بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی وێنەیەک لە زەینیدا بچەسپێنێت. بە واتایەکی دیکە، خوێنەر تەنیا لە "دەق" تێناگات؛ ئەو دۆخێکی دەروونی دەخولقێنێت. بۆ نموونە لە ڕستەی "خەڵک جارێکی دیکە ڕژانە سەر شەقامەکان"، بەبێ ڕوونکردنەوەی زیاتر، مێشکی خوێنەر دیمەنێکی دیاریکراوی ناڕەزایەتی، کۆبوونەوە یان ناڕازیبوون وێنادەکات، کە بە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی هەیە. ئەم ڕەوتە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە تێگەیشتنی زمان کردەیەکی چالاک و بزێوە و واتا لە کارلێکی نێوان دەق و هزردا بنیاتنراوە، نەک تەنها لەڕێگەی یاسا زمانەوانییەکانەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ڕستەیەک دەتوانێت واتای جیاوازی بۆ کەسانی جیاواز هەبێت (Bergen,2012:115).

بەگشتی لە سکێماکاندا زمان سیستەمێکی ئاڵۆزە، کە نوێنەرایەتی بەشێک لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و زانینی مرۆڤ دەکات. ئێمە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ زمان دەکەین، بەبێ ئەوەی هەمیشە بیری لێ بکەینەوە و داتای زمانەوانی پێڤاژۆ دەکەین. هەندێکجار بە ئاگادارییی وشە هەڵدەبژێرین، یان ڕستە دروستدەکەین، بۆ ئەوەی باشتر پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوانی تردا هەبێت و هەندێکجاریش ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکی خۆکار دروستدەبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانین بەتەواوی تێبگەین، کە هەموو ڕەوتەکانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمان چۆن کاردەکەن.

کەسانی جیاواز بە زمانە جیاوازەکان بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و دەروونیان، پێکهاتەی جیاواز بەکاردەهێنن. هەموو پەیوەندییەک زانیارییەکی دەروونی لەخۆدەگرێت، کە لەسەر بنەمای یاسا و پێکهاتەی هەمان زمان پێکدێت و لە شێوەی پەیام یان ڕستەیەکدا بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە. کاتێک ئەم پەیامە دەگاتە گوێگر، لێکدەداتەوە و لێی تێدەگات، ئەمەش ڕەنگە کەمێک جیاواز بێت لەوەی قسەکەر لە مێشکیدا بوو (Azzahrah,2025:12).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

**٤-١ جیاوازی نێوان زمانەوانیی درکپێردن و زمانەوانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان یاخود (قوتابخانەی زانینی"درکپێردن" و قوتابخانەی بەرهەمهێنان)**

ڕێزمانیی بەرهەمهێنان زیاتر بە ناوی نەوام چۆمسکییەوە ناسراوە، زمان وەک سیستەمێکی زەینی لە ڕێزماندا سەیر دەکات، کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ژمارەیەکی زۆر لە ڕستەکان بەرهەم بهێنێت. لەم بۆچوونەدا سەرنجی سەرەکی لەسەر پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکانە و وای دادەنێت، کە مرۆڤەکان بە جۆرێک توانایی سروشتی بۆ فێربوونی ڕێزمانی زمانیان هەیە. بۆ نموونە لە ڕستەی «کاردۆ کتێبەکەی خوێندەوە»، زیاتر سەرنج دەخرێتە سەر پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکە؛ واتە شوێنی بکەر، بەرکار، کار و ئەو ڕێسایانەی کە ئەم ڕیزبەندییە دروستدەکەن. لەم ڕوانگەیەدا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە ڕوونبکاتەوە مێشکی مرۆڤ چۆن بە بەکارهێنانی ژمارەیەک ڕێسای سنووردار دەتوانێت ژمارەیەکی بێسنوور لە ڕستەکان دروستبکات (Chomsky, 1965:104) .

لە بەرانبەردا **زمانناسیی درکپێکردن** زمان بە بەشێک لە تواناکانی گشتی ناسینی و درکپێکردنی مرۆڤ دادەنێت و وای دەبینێت، کە پێکهاتە زمانەوانییەکان پەیوەندییەکی چریان بە **واتا، ئەزموونی جەستەیی و شێوازی تێگەیشتن لە جیهان** هەیە. لەم ڕوانگەیەدا سینتاکسی زمان لە واتا جیا نییە و زۆرێک لە پێکهاتە زمانەوانییەکان لەسەر بنەمای **نموونە و شێوە ناسینییەکانی** دروستدەبن. بۆ نموونە لە ڕستەی «ئەو لە کێشەکە دەرچوو»، وشەی «دەرچوون» لە بنەڕەتدا ئاماژە بە **جووڵەیەکی فیزیکی بۆ دەرەوەی شوێنێک** دەکات، بەڵام لێرەدا بۆ دەربڕینی **ڕزگاربوون لە دۆخێکی دژوار** بەکاردێت. زمانناسیی درکپێکردن ئەم جۆرە بەکارهێنانانە بە ئەنجامی شێوازی **چەمکاندن یان چەمکسازی مرۆڤ لە ئەزموونەکانی خۆی** دەزانێت و پێشاندەدات، کە زمان وەک ئاوێنەیەک **پێکهاتەی هزری و ئەزموونەکانی مرۆڤ** دەردەخات(Croft & Cruse, 2004:205) .

یەکێک لە گرنگترین بیرۆکەکانی تیۆریی درکپێکردن، بیرۆکەی «نواندنەوەی مێشک»ـە. ئەم ڕوانگەیە دەڵێت کاتێک مرۆڤ شتێک ئەزموون دەکات، زانیاری دەرەوە بە پێکهاتە ناوخۆییەکاندا ڕێک دەخرێن؛ ئەوانیش دەتوانن بەشێوەی وێنەیی، واتایی، زمانی، هەست و سۆزدارانە، جووڵەیی یان سکێمای درکپێکردن بخرێنەڕوو. ئەم نواندنە ئەو دیاردەیە دەستنیشاندەکەن، کە مرۆڤ چۆن سەیری جیهان دەکات و چۆن لەگەڵیدا ڕادێت. بۆ نموونە، لە توێژینەوە نوێیەکانی زانستی مێشک ئەو شتە پیشاندەدرێت کاتێک مرۆڤ شتێک دەبینێت، مێشک تەنها تایبەتمەندییەکانی تۆمار ناکات؛ بەڵکو ئەو ئەزموون، مەبەست و باری دووروبەریش لە ناو سکێماکان و واتادا ڕەچاو دەکات. (Thagard,2019:104).

مێشک بۆ تێگەیشتن لە جیهان چوارچێوە[1] و سکێما بەکاردەهێنێت، کە پێیان دەوترێت سکێمای درکپێکردن. بۆ نموونە زۆرێک لە مرۆڤەکان سکێمای «ڕێگا»یان هەیە:

دەستپێک ← ڕێگا ← کێشە ← ئامانج

ئەم سکێمایە دواتر لە زمان و بیرکردنەوەدا دەردەکەوێت:

- «نزیک دەبمەوە بە ئامانجم»
- «ڕێگام ون کرد»
- « کەوتمە سەر ڕێگە»

بنەماکانی درکپێکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە زمان تەنیا بۆ پەیوەندی نییە؛ بەڵکو یەکێکە لە گرنگترین ڕێگاکانی مێشک بۆ دروستکردنی واتا، پۆلێنکردن و بیرکردنەوە. واتە

---

[1] . frame

زمان تەنیا بیر نیشان نادات؛ بەڵکو شێوەی بیرکردنەوەش دروستدەکات (Sullivan,2021:45).

**بەشی دووەم:- جۆرەکانی سکێمای درکپێکردن لە زمانی کوردیدا**

**٢-١ جۆرەکانی سکێماو و پەیوەندییان لەگەڵ ڕێزماندا**

***لەم توێژینەوەدا جۆرەکانی سکێما بەم شێوەی خوارەوە پۆلێنبەندیی و پێناسە دەکەین:***




**١- سکێمای ڕووکەشی**(surface schema)

هەندێجار، مرۆڤ ڕووداوێک یان دیاردەیەکی ئەبستراکت و دەرهەست لە مێشکیدا لەگەڵ دیاردەیەکی بابەتی و هەستپێکراو بەراوردەکات، کە لە ئەنجامی ئەم بەراوردکردنەدا مرۆڤ دیاردە ئەبستراکتییەکە لە مێشکی خۆیدا وەکو ڕووکارێک وێنادەکات. بۆ نموونە:

٣- کەوتمە قاقای پێکەنین.

٤- بەهۆی قسەکانی من، کەوتە پێکەنین.

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەی "پێکەنین" ڕوویەکی داپۆشینی هەیە، کە مرۆڤ دەکەوێتە سەری ئەو ڕووە یان کەسێک دەخاتە سەر ئەو ڕووە ( بڕوانە عبدالکریمی، ١٣٩٣ : ١٢٥). بە وتەی ئیوانز و گرین ئەو ڕووبەرەی مرۆڤ لەسەری دەکەوێتەوە ڕوویەکی ئەبستراکتی و دەرهەستە (Evans and Green, 2006:106-108).

**سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن:**

٥- دڵم پڕ بوو لەتاو تۆ کەوتمە گریان. لە چاوم ئاو دەبارێ عەینی باران.

٦- من لە ڕاستی کەوتمە گێجی کەجرەوی ئەبنائی دەور. ئەی خەلاسی بەخشی هەر ئەعلا و ئەدنا هیممەتێ.

هەروەها کاتێ دەبینرێت سکێمای ڕووکەشی یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی تێبگەین، کە چۆن عەقڵی مرۆڤ وێنەی زەینی بۆ دروستکردنی ڕستە لە کاتی قسەکردندا بەکاردەهێنێت. واتە کاتێک باس لە هەستەکان، ڕووداوەکان، یان پەیوەندییە مرۆییەکان دەکەین، نائاگایانە وەک بزووتنەوەیەک یان بەرکەوتنێک لە بۆشاییدا خەیاڵیان دەکەین. بۆ نموونە لە ڕستەی "تۆ کەوتیتە خوارەوە" یان "تۆ کەوتیتە ناو چیرۆکەکانمدا"، مێشکی قسەکەر دۆخێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی (وەک شکست یان تەسلیمبوون)ی وەک کەوتن یان بەرکەوتنی جەستەیی لە بۆشاییدا خەیاڵ کردووە. دواتر ئەم وێنە دەروونییە لە پێکهاتەی ڕێزمانیدا خۆی دەردەخات. لە ڕێزمانی کوردیدا کارەکانی وەک "کەوتن" (کەوتنە خوارەوە)، "دەچم" تەنیا بۆ جووڵەی جەستەیی بەکارناهێنرێن، بەڵکو لە مانای ئەبستراکتیشدا بەکاردەهێنرێن، چونکە عەقڵ ئەم جۆرە سکێمایە بەکاردەهێنێت بۆ بینینی هەستێک یان حاڵەتێکی دەروونی، وەک ئەوەی

بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە بێت. بۆیە پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەکە، هەڵبژاردنی کار و تەنانەت ڕیزبەندی پێکهاتەکانی ڕستەکەش ڕەنگدانەوەی وێنەی دەروونن. کاتێک عەقڵ کەوتن یان بەرکەوتنێک لە خەیاڵدا دەکات، کارەکانی جووڵە و بنیاتنانی چالاک دەبن. کەواتە ڕێزمان تەنها ڕێسایەکی ڕستەسازی وشک نییە، بەڵکو جۆرێکە لە ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازەیە، کە ئەزموونەکان دەبینین و لەڕووی دەروونییەوە وێنە دەگرین.

**٢- سکێمای جووڵەیی**(path schema)

جۆرێکی تری سکێما، کە مرۆڤ لە مێشکیدا وێنای دەکات، سکێمای جووڵەییە. مرۆڤ خۆی توانای جووڵەی هەیە، جگە لەوەش چاودێری جووڵەی شتەکان دەکات و دەتوانێت لەو شتانەی دەجووڵێنەوە تێبگات. کەواتە دیاردەیەکی تەواو سروشتییە، کە مرۆڤ لە مێشکیدا ئەو جۆرە سکێمایە وێنا بکات و بۆ زۆرێک لە دیاردە ئەبستراکتەکان، ئاڕاستەی جووڵە لەگەڵ خاڵی دەستپێک و کۆتایی دەستنیشانبکات (عبدالکریمی، ١٣٩٣ : ١٢٤). نەخشاندنەکانی جووڵەیی، ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مرۆڤە لە جووڵەی خۆی و شتەکانی دەروبەری. ئەم جووڵەیە خاڵی دەستپێکی هەیە، کە پێیدەوترێت خاڵی سەرچاوە و خاڵێکی کۆتایی یان مەبەست. ئەوەی لەنێوان ئەم دوو خاڵەدا دیاریدەکرێت ڕێگا و ڕێرەوی دیاردەکەیە(Johnson,1987:114). بنەماکانی ئەم جۆرە پلانە بەم شێوەیەن: گواستنەوە لە خاڵی "A" بۆ خاڵی "B" پێویستی بە تێپەڕاندنی هەموو خاڵەکانی ڕێگا لە "A" بۆ "B" هەیە (Saeed,2013:369)، بۆ نموونە بە گەشتکردن لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، تۆمارکردنی گۆڵێک لە یاری تۆپی پێدا، سەرکەوتن بەسەر ڕێڕگەیەکی پێچاوپێچدا تا لوتکەی شاخێک (Evans and Green, 2006:185). ئەگەر سەرنجی ئام نموونانەی خوارەوە بدەین:

٧- ئەمە ئیتر کۆتایی ڕێگا و چیرۆکەکەمانە.
٨- هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژت ماوە بۆ گەیشتن بە پلەی یەکەم.
٩- هەرچەندە هەوڵمدا، بەڵام نەگەیشتمە پلەی مامۆستایەتی.
١٠- ڕێگایەکی دوور و درێژمان ماوە بۆ بەدەستهێنانی دکتورا.
١١- بەدڵنیاییەوە دەگەینە بەرزاییەکانی شەرەف و شکۆمەندی.
١٢- هێشتا بەزۆرێک لە ئامانجەکانم نەگەیشتوومە.

ئەو ڕستانەی سەرەوە ئاڕاستەی جووڵەن، بەپێی پێکهاتە زمانییەکان دەنوێندرێت؛ واتە لەم ڕستانەدا ئاخێوەر خۆی بەشێوەیەک وێنادەکات، کە ڕێگایەک دەردەبڕێت. کاتێک ئاخێوەر لە کاتی قسەکردندا بەپێی پێکهاتە زمانییەکان سەبارەت بەم چەمکە ئەبستراکتەکان دەدوێت، خۆی لە سەرەتا، ناوەڕاست یان کۆتایی ڕێگاکەدا دەبینێت. بەم جۆرە سکێمایە دەڵێن " سکێمای جووڵەیی".ئەم سکێمایە پێمان دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکە نەک هەمیشە لە ماوەی ژیانیدا لە جووڵەدایە، بەڵکو چاودێری جووڵەی شتەکانی جیهانی دەوروبەری خۆی دەکات (بڕوانە ، گندمکار، ١٣٩٩ : ٢٠٤).

بەگشتی سکێمای جووڵەیی یەکێکە لە سکێمایە هەرە بنەڕەتییەکان، چونکە هەموو مرۆڤەکان تێگەیشتنیان لە جیهان لەڕووی جووڵە و ڕێباز و ئامانجەوە لە قاڵب دەدەن. مێشکمان لە دونیا تێدەگات وەک ئەوەی هەموو دیاردەیەک لە خاڵێکەوە دەستپێبکات و ڕێگایەک پەیرەو بکات و بگاتە خاڵێکی تر. ئەم وێنە سادەیە دەروونییە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پێکهاتەی ڕێزمان هەیە. لە ڕاستیدا زۆرێک لەو ڕستانەی دەیخوڵقێنین، تەنانەت سەبارەت سەرکەوتن، پێشکەوتن، فێربوون، یان هەستەکان لە مێشکماندا وەک "جووڵەیەک بە درێژایی ڕێگایەک" دەنوێندرێن. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین: "هێشتا نەگەیشتوومەتە ئامانجەکانم" یان "ڕێگایەکی دوور و درێژ ماوە بۆ بەدەستهێنانی دکتۆراکەم" (ڕێگایەکی دوور و درێژمان

ماوە بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرا)، وا دیارە باس لە پەروەردە یان خەونێک دەکەین، بەڵام لە قووڵایی دڵمان خەیاڵمان بە ڕێگایەکی بۆشایی دەخەینە بەرچاو، کە لە خاڵی دەستپێکەوە (سەرەتای هەوڵەکە) تا شوێنی مەبەست (سەرکەوتن یان ئامانج) درێژدەبێتەوە. لە ڕێزمانی کوردیدا ئەم سکێمایە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێکهاتە ڕستەسازی و واتاسازییەکان هەیە. بۆ نموونە کارەکانی وەک "بڕۆ"، "گەیشتن"، "بڕۆ پێشەوە"، یان "گەڕانەوە دواوە" تەنیا بۆ وەسفکردنی جووڵەی جەستەیی بەکارناهێنرێن، بەڵکو بە مانایەکی میتافۆریکیش چالاکن، چونکە مێشکمان هەمان پێکهاتەی ڕێرەو بۆ دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان گشتگیر دەکات. کاتێک دەڵێین "من گەیشتوومەتە ئەنجامێک"، پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەکە ڕێگایەکی دەروونی پەیڕەو دەکات: بکەری (من) لە خاڵی دەستپێکەوە (سەرەتای بیرکردنەوەیەک یان هەوڵێک) دەجووڵێت و دواجار دەگاتە شوێنێکی مەبەست (ئەنجامەکە). تەنانەت دەستەواژە ناوەکانی وەک "سەرەتای ڕێگا"، "ناوەڕاستی ڕێگا"، یان "کۆتایی کار" ڕەنگدانەوەی ئەم پێکهاتە جووڵەیە، کە خۆی لە ڕستەسازیی ڕستەکەدا لە شێوەی ڕێزبەندییەکی دیاریکراوی پێکهاتەکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، بەرکار یان ڕستەی شوێن) و لە لکاندنی زمانەکەدا لە شێوەی هەڵبژاردنی کاری جووڵەدا دەردەکەوێت. کەواتە لێرەدا ڕێزمان وەک نەخشەیەک وایە، کە عەقڵ بۆ دەربڕینی ڕێبازی جووڵە کێشاوە و ئەم ڕێبازە هەمیشە ڕاستەقینە و فیزیکی نییە. عەقڵی مرۆڤ لە شێوازی جووڵە سوود وەردەگرێت بۆ ڕێکخستنی ڕستە و کات و تەنانەت پەیوەندی هۆکار و کاریگەری. کەواتە "سکێمای جووڵە" تەنیا پەیوەندی بە جووڵە لە بۆشاییدا نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی جووڵەی واتا لە ڕێزماندا هەیە؛ واتە زمان چۆن لەڕێگەی ڕیزبەندی وشەکان و هەڵبژاردنی کارەکانەوە، ئەزموونی دەروونی ئێمە لە جووڵە و گۆڕانکاری و گەیشتن بە شێوەی ڕێزمانی و زمانەوانی ڕەنگدەداتەوە.

### ٣- سکێمای ئاڕاستەیی(direction schema)

لەم جۆرە سکێمایەدا ئاخێوەر خۆی بە ڕێبوارێک دەزانێت، کە ڕێگەیەک دەپێوێت، هەروەها ئاخێوەر خۆی یان شتێک لە سەرەتا، ناوەڕاست یان کۆتاییی ڕێگایەکدا وێنا دەکات (عبدالکریمی، ١٣٩٣ : ١٢٦). بە واتایەکی دیکە لە سکێمای ئاڕاستە نموونەیی، مرۆڤ بە پێشکەوتن لە خاڵی دەستپێک یان "سەرچاوە"، ڕێگەیەک بۆ شوێنێکی مەبەست یان "ئامانج" دەپێوێت (Johnson,1987:166). ئەم سکێمایە بەپێی ئەم سەرچاوانەی ئاماژەمان پێدا، بەسەر سێ لق دابەشکراون:

- **سکێمای مەبەست/ ئەنجام** (destination schema)

مرۆڤ لە کاتی بەکارهێنانی ئەم سکێمایەدا، ئەزموونی گەیشتن بە کۆتایی ڕێگاکە بۆ وەسفکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان بەکاردەهێنێت. بە واتایەکی دیکە کاتێک ئاخێوەر ڕێگایەک لەبەرچاو دەگرێت، بە بەکارهێنانی چەمکە ئەبستراکتەکان؛ خۆی یان شتێک لە کۆتایی ڕێگاکەدا وێنا دەکات. بۆ نموونە:

١٣- بیرکردنەوەیەک هاتە مێشکم.

لەم نموونەدا "بیرکردنەوە" وەکو جووڵەیەک سەیر دەکرێت، کە دەبێت بگاتە پێگەی مەبەست، کە "مێشک"ی ئاخێوەرەکەیە. هەروەها سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن:

١٤- پلانێک هاتۆتە مێشکیان.

- **سکێمای سەرچاوە**(leaving schema)
- لە کاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سکێمایەدا، ئاخێوەر ڕێگایەک لە مێشکیدا بۆ دیاردەیەکی ئەبستراکتی وێنادەکات. بە واتایەکی دیکە کاتێک ئاخێوەر ڕێگایەک لەبەرچاو دەگرێت، بە بەکارهێنانی چەمکە ئەبستراکتەکان؛ خۆی یان شتێک لە سەرەتای ڕێگاکەدا وێنادەکات. بۆ نموونە:

١٥- ژوورەکە بۆنی جگەرەی لێدێت.
لەم نموونەدا "بۆنی جگەرە"، سەرچاوە و شوێنێکی دیاریکراوە، کە لە مێشکی مرۆڤدا جێگیر دەبێت. هەروەها سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن:
١٦- لای دوژمنان بۆنی پیلانگێری دێت.
١٧- وردەوردە وتەی مامۆستاکەم دێتە بیرم.

- **سکێمای تێپەڕبوون/ دەرچوون (pass schema)**

کاتێک کەسێک ئەم جۆرە سکێمایە بەکاردەهێنێت، ئەزموونی تێپەڕاندنی ڕێگایەک لە مێشکیدا وێنادەکات و بەشێوەیەکی ئەبستراکتی ئەو وێنایە وسفدەکات. بۆ نموونە:
١٨- بەسەر ئەم کێشەی ژیانە زاڵ دەبم و تێیدەپەڕێنم.
لەم نموونەیەدا مرۆڤ بە ڕێگایەکی سەختدا تێپەڕیوە و گەیشتووەتە کۆتایی ڕێگاکە. بەمشێوەیە بەربەستێکی خەیاڵی لەڕێگەی خۆیدا دەبینێت، کە دەبێت ئەو کێشە و بەربەستە سەختە تێپەڕێنێت. سەیری نموونەی زیاتر بکەین:
١٩- ڕێگە دەپێوم تاکو بگەمە ئامانجەکانم.

**٤- سکێمای بەشەکی - گشتەکی(part- schema whole)**

بە بڕوای واتاناسان، مرۆڤ خۆی وەکو "دیاردەیەکی گشتی" دەبینێت، کە لە بەشە بچووکەکان یان پێکهێنی بچووک پێکهاتووە. ئەو بەشانەی لەگەڵ دیاردەی گشتیدا پێوەندییان هەیە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی سکێمای بەشەکی-گشتەکی (گندمکار، ١٣٩٩ : ٢٠٦). بە وتەی لیکاف، ئەم سکێمایە بریتیە لە جەستەیەکی گشتی، کە لەگەڵ بەشەکان و بەشەکانی پێکهاتووە (Lakoff,1993:273-274).
بۆ نموونە:
٢٠- جگەرم بۆ ئەو ئاگری گرتووە.
٢١- دڵم پڕە لە خوێن.
لە ڕستەی (٢٠) مرۆڤ وەکو دیاردەیەکی گشتی وێناکراوە، کە "جگەرە" جگەر بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ و ئەم جگەرە دەتوانێت ئاگر بگرێت. لە نموونەی (٢١)دا هەمان مەرج بۆ (دڵ) دەگونجێت. سەرنجی نموونەکانی دیکە بدەن:
٢٢- دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ/ دڵم گەرمە و هەناسەم ساردە بێ تۆ.
٢٣- نازانم ئەمە چۆن لەدەستم دەرچوو، مێشکم وا دەتەقێت.
٢٤- دڵم پرسەخانەیە، سەرم بەفری زستانە.
٢٥- دڵم پێم دەڵێت لە هەڵبژادنت پەشیمانە.
ئەم جۆرە سکێمایە لە زمانناسیی درکپێکردندا نیشانماندەدەن، کە چۆن هزری مرۆڤ ڕێڕەو و سەرچاوە و گواستنەوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەدیدەکات و ئەم وێنە دەروونییە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی ڕێزمان هەیە. کاتێک ڕستەیەک بنیاتدەنێین، عەقڵ سەرەتا خاڵی دەستپێک (سەرچاوە) و مەبەست (ئامانج) لەبەرچاو دەگرێت و بەشێوەیەکی ئەبستراکت ڕێگاکە لەڕێگەی ئەم خاڵانەوە دەکێشێت، پاشان ڕێزمانی کوردی ئەم ڕێبازە لە شێوەی ڕیزبەندی وشە، بکەر، بابەت و ڕستەی کاتیدا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە لە ڕستەی (بەسەر ئەم کێشەیە زاڵ دەبم و تێیدەپەڕێنم)، کار و دەستەواژەی ڕستەیی نوێنەرایەتی ڕێڕەوی دەروونی ئاخێوەران دەکەن؛ بکەر (من) سەرەتای ڕێگاکە، کاری (تێپەڕی دەکەم) ئاماژەیە بۆ تێپەڕین و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان و بەرکار یان ئاوەڵناوی ("کێشە و سەختی ژیان") ئاماژەیە بۆ ئەو بەربەستانە، کە ڕێگاکە پڕدەکاتەوە.
هەمان سکێما لە سکێمای ئامانج و سکێمای سەرچاوەدا دەبینرێت: سەرەتا مێشکمان خاڵی دەستپێکی دیاریکراوی هەیە، دواتر ڕێگای ئامانج دیاریدەکات و ڕێزمان ڕیزبەندی توخمەکان

بەشێوەیەک ڕێکدەخات، کە ئەم ڕێبازە دەروونییە تێگەیشتنی ئاسان بێت. لە ڕستەکانی وەک " ڕێگە دەپێوم، تاکو بگەمە ئامانجەکانم"، ڕیزبەندی وشەکان و بەکارهێنانی کارەکان ئاماژەیە بۆ تێپەڕبوونی دەروونی و کاتی.

هەروەها سکێمای بەشەکی-گشتەکی یارمەتی پێکهاتە ڕستەسازییەکان دەدات، بۆ ئەوەی دەروونی مرۆڤ نوێنەرایەتی پرۆسەی دووبارەبووەوە یان خولێک لە ڕستەکاندا بکات. بۆ نموونە "پلە بە پلە چووم بۆ ئەوەی ببمە مامۆستا دواتر پلەی دکتۆرا وەربگرم"، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بکەر قۆناغەکان یەک لە دوای یەکدا تێدەپەڕێت و هەر هەنگاوێک لە ڕێزماندا بە کار + ڕستەی ئاراستە یان ڕستەی کات نیشاندەدرێت.

بە واتایەکی زۆر سادە، مێشکمان ڕێگاکان و سەرچاوەکان و ڕێڕەوەکانی ژیان وێنادەکات و ڕێزمانی کوردیش وەک سکێمایەک لەگەڵ ئەم دیاردەیە مامەڵە دەکات: پێگەی بکەر، بەرکار، کار و ئاوەڵکار بەوردی ڕەنگدانەوەی ڕێبازی دەروونییە. ئەمەش بەو مانایەیە کاتێک کەسێک باسی ئامانجێک، ڕێڕەوێک یان خولێک دەکات، پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەکە لەسەر بنەمای سکێماکان ڕیزبەندی دەکرێت و زمان یارمەتیدەرە بۆ دەربڕینی ئەزموونی دەروونیمان لە جووڵە و تێپەڕین و گەیشتن بە شوێنێکی مەبەست، بەشێوەیەکی ڕوون و تێگەیشتوو.

### ٥) سکێمای چەرخی (cycle schema)

ئەم سکێمایە هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی هەستەکیی مرۆڤەکانەوە نییە، بەڵکو مەبەست لەم سکێمایە، ئەو چەرخە و سووڕەیە، کە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە. خولەکە لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات و دووبارە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، بۆ نموونە تێگەیشتنی مرۆڤ لە شەو و ڕۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ و وەرز لەسەر ئەم سکێمایە دامەزراوە (Grady,2005:41). بە ڕای (جۆنسون) سکێمای سووڕ بریتییە لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان یان زنجیرە ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت.(Johnson,1987:119-122 ). سەرنجی ئەو نموونانەی خوارەوە بدەن:

٢٦- یەک سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خولگەکەیدا(٢٤) کاتژمێر دەخایەنێ، ئەم جووڵەیە ڕۆژانەیە.

٢٧- لەڕووی فەلەکناسییەوە نوێبوونەوەی ساڵی هەتاوی هەموو ساڵێک لە چرکەساتێکی جیاوازدا ڕوودەدات و ئەمساڵ لە دوای نیوەڕۆی ٢٠ی ئادار ساڵ دەگۆڕدرێت.

٢٨- لە عێراق لە مانگی داهاتووەوە باران بارین دەستپێدەکات و بۆ ماوەی یەک مانگ و سێ هەفتە بەردەوام دەبێت.

٢٩- شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستان شەڕی نێوان هاوپەیمانی باکوور و تاڵیبان بوو، کە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دەستیپێکرد.

٣٠- لەگەڵ هاتنی وەرزی زستاندا ئازاری جومگەکان توندتردەبنەوە و گۆڕانکاری پلەکانی گەرما کاریگەری لەسەر ئەو کێشەیە هەیە.

ئەم جۆرە سکێمایە یەکێکە لە سەرەنجڕاکێشترین شێوازەکانی درکپێکردن لە زماندا، کە عەقڵی مرۆڤ لە ڕێزماندا لەڕێگەی ئەزموونە دووبارەبووەکانی ژیانی وەک شەو و ڕۆژ، وەرزەکان، یان دووبارەبوونەوەی ڕووداوە هاوشێوەکان لە کاتی ڕێزماندا تێیدەگات و ڕەنگدانەوەی هەیە. عەقڵمان تەنها بەشێوەی هێڵکاری و پێشەوە جیهان نابینێت، بەڵکو ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی بازنەیی و دووبارەبوونەوەی ئەزموون دەکرێت؛ ئەم تێگەیشتنە دەبێتە هۆی ئەوەی زمانەکەمان ڕستە و پێکهاتەکان دروستبکات، کە ئەم هەستەی گەڕانەوە، دووبارەبوونەوە یان نوێبوونەوە نیشاندەدات. لە زماندا ئەم سکێمایە زیاتر لەڕێگەی کاتەکانی کار و ڕستەی دووبارەبوونەوە و پێکهاتەی ڕستەسازیی دووبارەبووەوە دەربڕدراوە. بۆ نموونە لە ڕستەی " هەموو ساڵێک لە دوای نیوەڕۆی ئادار ساڵ دەگۆڕدرێت"، ڕێزمان بە

یارمەتی ڕستەی " هەموو ساڵێک" و کاری " دەگۆردرێت"، سووری گەڕانەوەی ساڵانە نیشاندەدات؛ واتە ئەو کارەی هەمیشە لە کاتێکی دیاریکراودا دووبارەدەبێتەوە.

لە ڕاستیدا عەقڵی مرۆڤ لە جیهانی سروشتییەوە چەمکی "سوڕانەوە" فێردەبێت، پاشان بەشێوەی سکێمای ڕێزمانی خولگەیی دەیرژێتە ناو زمانەوە. بۆ نموونە کردارە بەردەوام و دووبارەبووەکان لە زمانی کوردیدا وەک "دەخایەنێ"، " دەبێتەوە "، " دەگەڕێتەوە" و "دەستپێدەکات" ئامرازی ڕێزمانین، کە یارمەتی دەروون دەدەن بۆ دەربڕینی ئەزموونی دووبارەبوونەوە و گەڕانەوە لە شێوەی پێکهاتەیەکی ڕستەسازیی دیاریکراودا. لە ڕستەی " یەک سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خولگەکەیدا ٢٤ کاتژمێر دەخایەنێ"دا، کاری ڕانەبردوو "دەخایەنێ" ئاماژەیە بۆ جووڵەیەکی خولانەوەی بەردەوام، کە ڕێزمان بۆ نیشاندانی سووری سروشت بەکاریدەهێنێت.

لە زماندا خولەکە نەک هەر لە مانادا، بەڵکو لە ڕستەسازی و ڕیزبەندی وشەکاندا دەبینرێت. بۆ نموونە بەکارهێنانی ڕستەی کات وەک «هەموو ڕۆژ»، «هەموو مانگ»، یا «هەموو ساڵ» و کارە دووبارەبووەکان، وا دەکات ڕستەکە دۆخێکی ڕێکوپێک و دەوریی وەربگرێت. تەنانەت لە گێڕانەوەشدا زمان بەشێوەیەک بنیاتدەنرێت، کە سەرەتا و کۆتایی پەیوەندییەکی خولگەییان هەیە؛ وەک ڕستەی " لەگەڵ هاتنی زستاندا ئازاری جومگەکان توندتردەبنەوە"، کە هەم نیشانەی دەستپێکی وەرزێکی نوێیە و هەم نیشانەی گەڕانەوەی دیاردەیەکی کۆنە (ساردی و هەراسانکردن و ئازار).

لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە، ئەم سکێمایە یارمەتی دەروون دەدات، کە دووبارەبوونەوە و گەڕانەوە لە شێوەی کاتaspect و ئاوەڵکرداری کاتی temporal adverbs ڕێکبخات. بۆ نموونە بنیاتنانی وەک " «دەبێتەوە»، «دەگەڕێتەوە»، یان «نوێدەبێتەوە» ئاماژەن بۆ خولێکی گەڕانەوە و دەستپێکردنەوە. ئەم ڕێسایە لە زماندا ڕێگە بە مرۆڤ دەدات نوێنەرایەتی دیاردە سروشتییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان بکات، کە بەردەوام لەڕێگەی ڕێزمانەوە دووبارەدەبنەوە.

بە واتایەکی تر عەقڵی مرۆڤ جیهان وەک چەرخێک دەبینێت، کە هەمیشە دەسوڕێتەوە و دەگەڕێتەوە و ڕێزمانیش وەک سکێمایەک وایە، کە ئەم خولانەوەیە لەڕێگەی ڕیزبەندی وشە و ڕستە و کاتەکانەوە لە ڕستەیەکدا نیشاندەدات. کەواتە هەر کاتێک ڕستەیەکمان هەبوو، کە "دوبارەبوونەوە"، "گەڕانەوە"، یان "نوێبوونەوە"ی تێدابێت، لەڕاستیدا عەقڵ سکێمایەکی خولیی بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەزموونی کات و دووبارەبوونەوە لەڕێگەی بنیاتنانی ڕێزمانییەوە. ئەمەش بەو مانایەیە، کە ڕێزمان تەنیا ڕێسایەکی ڕەق نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە چۆن لە جیهانی خولگەیی و دووبارەبووەوە تێدەگەین.

**٦) سکێمای هێزی ڕەوانبێژی(force schema)**

سکێمای هێز، یەکێکە لەو سکێمایە گرینگانە، کە (جۆنسون) سەرەتا لە کتێبی "جەستە لە زەیندا" (The body in the mind)پێناسەی کردووە و جەختی لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سکێمای هێز لە چەمکاندن (conceptualization)ی ڕووداوەکان دەورێکی گرنگ دەگێڕێت. لە ڕوانگەی جۆنسۆندا هێز بە هێزبوون لە هەموو کاتێکدا لەڕێگەی کارلێک لەگەڵ دەوروبەرەکانی ژیاندا ئەزموون دەکرێت. ئەو کاتەی هەموو توانای دیاردەیەک لەسەر دۆخی تێگەیشتنی ئێمە کاریگەر دەبێت. لەو کاتەدا دەڕۆینە ژوورێکی تاریکەوە، لەناکاو بەر لێواری تیژی مێزێک دەکەوین، تایبەتمەندی کارلێکیی هێز ئەزموون دەکەین. کەوایە دەکرێت بڵێین ئەو سکێمایە لە دەرئەنجامی پەیوەندی نێوان ئێمە و هەموو ئەو دیاردانەی دەوروبەریان تەنیون، پێکدێت (Johnson,1987:43). مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەکاتی ئەنجامدانی کاردا یان لەسەر ڕێگایەک ڕووبەڕووی کێشەیەک یان بەربەستێک دەبێتەوە. لە وەها

بارودۆخێکدا مرۆڤ دەتوانێت بڕیاری جیاواز بدات، یان کاردانەوەی جیاوازی لە ڕووداوەکان هەبێت.لە ڕاستیدا مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ پرسەکاندا ئەزموون بەدەستدەهێنێت و سکێمایێک لە زەینی خۆیدا وێنادەکات، کە بە سکێمای هێز ناودەبرێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە دوای پێکهێنانی ئەم سکێمایە لە مێشکدا، مرۆڤ دەتوانێت تایبەتمەندییەکی لەو شێوەیە بۆ بوونەوەرەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت. بۆ نموونە ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ لەبەردەم بەربەستەکاندا بوەستێت و توانای تێپەڕاندنی کێشەکەی نەبێت (Grady,2005:41) و (گندمکار، ١٣٩٩ : ٢٠٥). لەم حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە هەیە بەربەستێک ڕێگای کەسەکە بگرێت یان ببڕێت و کەسەکە ناچار بێت بوەستێت(Zhou,2023:189).

**نواندنەوەی ئەم جۆرە سکێمایە لەم نموونانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**

٣١- بەم بڕیارە ڕێگای گەشەکردن و گەشەسەندنی لە خۆی داخست.

٣٢- سەرەتای ژیانی تووشی بەربەست و کێشە بوو.

٣٣- بەدەستی نەزانانی ناوخۆیی، ڕێگەی پێشکەوتن دادەخەین.

٣٤- بەم ڕوانگەیە تێگەییشتن لە ئامانج و خەونی مرۆڤدۆستەکان بەڕوویاندا دادەخرێت.

هەندێکجار مرۆڤ ڕووبەڕووی بەربەستێک دەبێتەوە، ئەو بەربەستە لادەبات و بەردەوام دەبێت لەسەر تێپەڕکردنی ڕێگاکەی. بۆ نموونە:

٣٥- لە کۆتاییدا ئەمساڵ لە تاقیکردنەوەکانی زانکۆ دەردەچم.

٣٦- توانی ئەم بەربەستە لاببات و سەرکەوتووبێت.

٣٧- ئەم بارودۆخانە و ئەم بەربەستە چارەسەرکرا.

٣٨- هەردوو هەڵبژاردە چەکی پێویستیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی ئەم بەربەستە ببڕن و بگەنە کۆتاییەکانی جامی جیهانی قەتەر.

٣٩- ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە گەورەترین بەربەستە لە بەردەم ئاشتی، دەبێ بیسڕینەوە.

٤٠- بوونی ئەمریکا لە سوریا گەورەترین لەمپەرە لە بەردەم ئاشتی و سەقامگیری ئەم وڵاتە.

٤١- ئەگەر دوو بەربژێرە سەرەکییەکە ئەم بەربەستە نەشکێنن، لە ٢٨ـی ئایاری ئەمساڵدا لە خولی دووەمدا ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە.

هەندێکجار مرۆڤ بەدەر لە بەربەستەکە دەڕوات و بەبێ هیچ کێشەیەک بەلایدا تێدەپەڕێت. بۆ نموونە:

٤٢- بەسەر ئەم کێشەیە زاڵبوو و لەم کێشەیە دوورکەوتەوە.

هەندێکجار مرۆڤ دوای ئەوەی تووشی بەربەستێک یان کێشەیەک دەبێت، ڕێگەی خۆی دەگۆڕێت و ناتوانێت بەسەر بەربەستەکەدا زاڵ بێت.

بۆ نموونە:

٤٣- بەم پارەیە نەمتوانی خانوو بکڕم، چووم ئۆتۆمبێلێک بکڕم.

٤٤- نەیتوانی لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن دەربچێت و لە کۆتاییدا بوو بە کرێکار.

٤٥- لە ئەندازیاریدا سەرکەوتوو نەبووم و ناچاربووم پزیشکی هەڵبژێرم.

بەگشتی ئەم سکێمایە دەڵێت: لە بەرانبەر ڕووداوێکدا، هێزێکی بەرگری و بەربەستێک، کە مرۆڤ لە مێشکی خۆیدا وێنای دەکات (صفوی، ١٣٨٤ : ٧٤) ئێمە لە کارلێکەکانمان لەگەڵ جیهانی دەوروبەرماندا هەست بە چەمکی هێز دەکەین. کاتێک بەردێکی گەورە ڕێگامان دەگرێت و دەمانەوێت ئەو بەردە لاببەین، ئەوە کاتەیە، کە لە چەمکی کارلێککەری هێز تێدەگەین(Evans and Green, 2006:190).

ئەم سکێمایە یەکێکە لە بنچینەترین مۆدێلە درکپێکردنەکان، کە نیشاندەدات چۆن عەقڵی مرۆڤ لەڕووی هێز و بەرخودان و جووڵەوە هەست بە ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوە دەکات،

پاشان ئەم ئەزموونە لە زمان و ڕستەسازیدا ڕەنگدەداتەوە. لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەردەوام تووشی جۆرێک لە "هێز" دەبین: هەندێکجار هێزێک پاڵمان دەنێتە پێشەوە، هەندێکجار بەربەستێک ڕێڕەومان دەگرێت و هەندێکجاریش خۆمان هەوڵی لابردنی بەربەستەکە دەدەین. عەقڵی مرۆڤ ئەم ئەزموونە دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەی دەروونی و ڕێزمانیش بەشێوەیەکی سروشتی ئەم تێگەیشتنە دەروونییە بەکاردەهێنێت بۆ بنیاتنانی واتا جۆراوجۆرەکان. لە ڕاستیدا ڕێزمان ڕێگەمان پێدەدات پەیوەندییەکانی نێوان "بکەر"، "بەرخودان" و "ئەنجام" لە ڕستەدا دەرببڕین؛ و ئەم پێکهاتە ڕستەسازییانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی سکێمای هێزن.

بۆ نموونە لە ڕستەی " بەم بڕیارە ڕێگای گەشەکردنی داخست"، کاری "داخست" و تێکەڵەی " ڕێگای گەشەکردن" پێکهاتەیەکی ڕێزمانییان دروستکردووە، کە نیشاندەدات هێزێکی ڕێگریکەر (هێزێکی نەرێنی) پێشکەوتنەکەی ڕاگرتووە. لە ڕاستیدا عەقڵمان چەمکی "بەربەست" یان "ڕێگر" هەستپێدەکات و ڕێزمانیش ئەم تێگەیشتنە بۆ دەربڕینی بارێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت. لە ڕستەیەکی تردا وەک " توانی ئەم بەربەستە لاببات و سەرکەوتوو بێت"، بنیاتنانی ڕستەسازی بەجۆرێکە کە بکەر (کەس) هێزی پێویست بەکاردەهێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکەدا، و کاری "لاببات" ئاماژەیە بۆ شتێک، کە لە بکەرەوە سەرچاوەی گرتووە و کاریگەری لەسەر بەربەستەکە دەبێت.

لە ئاستی ڕێزمانیدا نەخشاندنی هێز یارمەتیدەرمانە بۆ نیشاندانی پەیوەندییەکانی نێوان هێزەکان و کاریگەرییەکانیان لە زماندا، لەڕێگەی کاری جوولە وەک «داخستن»، «لابردن»، «تێپەڕین»، «زاڵبوون»، ڕستەی هۆکار وەک ("بەهۆی"، "بەم هۆکارە")، و پێکهاتە هۆکارەکان. بۆ نموونە لە ڕستەی " بەدەستی نەزانانی ناوخۆیی، ڕێگەی پێشکەوتن دادەخەین"، بکەر وەک سەرچاوەیەکی هێز لە ڕێکوپێکی ڕستەکەدا دەردەکەوێت، ئەمەش ڕێگری دەکات لە کاری سەرەکی (پێشکەوتن). ئەم هۆکاری بنیاتنانە لە ڕوانگەی ڕستەسازییەوە نیشاندەدات، کە زمان چۆن وشەکان لە شێوەی ڕۆڵی ڕێزمانی (بکەر، بەرکار و کار) ڕێکدەخات.

لە ڕاستیدا هەر ڕستەیەک کاتێ چەمکی وەک "بەربەست"، «بەربەست»، «هەوڵ»، «ڕێگە بستن»، یان «سەرکەوتن»ی تێدا بێت، پێکهاتە ڕێزمانییەکەی لەسەر بنەمای سکێمای هێز بنیاتدەنرێت. بۆ نموونە لە ڕستەی " بەم پارەیە نەمتوانی خانوو بکڕم، چووم ئۆتۆمبێلێک بکڕم"دا، عەقڵ دوو هێزی جیاواز هەست پێدەکات: یەکێکیان هێزی خۆگرتنە (کێشەی پارە)، و ئەوی دیکەیان هێزی بەدیل (کردنی کارێکی دیکە). ڕێزمان ئەم ململانێیەی هێزەکان لە بنیاتنانی ڕستەسازیدا بە بەستنەوەی دوو ڕستە بە ""، و گۆڕینی کارەکە لە " نەمتوانی"ەوە بۆ "چووم" نیشاندەدات.

سکێمای تەم نەک تەنها لە ئاستی مانادا، بەڵکو لە بنیاتنانی ڕستەسازی و شێوازی بەستنەوەی ڕستەکاندا ڕۆڵی هەیە. کاتێک دەڵێین “ئەم کێشەیە چاک کرا”، کاری نادیاری تێدایە و لە ڕووی ڕستەسازییەوە ئاماژەیە بۆ سڕینەوەی بکەر دەکات و جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامی هێزەکە؛ واتە زمان بە گۆڕینی پێکهاتەی ڕێزمانی، زووم لە "ئەو کەسەی کارەکەی کردووە" دەگۆڕێت بۆ "ئەنجامی کارەکە". ئەم نەرمییە لە ڕێزماندا ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی چەمکی عەقڵی هێز و کاریگەرییەکەیە لە جیهاندا.

بەگشتی مێشکمان جیهان وەک ئاستەنگ و جوولە دەبینێت و ڕێزمانیش ئەو سکێمایەیە، کە نیشاندەدات کێ هێزێک جێبەجێ دەکات و چی ڕێگری لێدەکرێت و ئەنجامی کۆتایی چیە. هەر جارێک وشەی وەک «بەربەست»، «ڕێگای گەشە»، «چارەسەر»، یا «توانی» لە ڕستەدا بەکاردەهێنین، لە ڕاستیدا مێشکمان لە شێوازی هێزدا بەکاردەهێنێت بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەی ڕستەسازیی ڕستەکە. بەم پێیە ڕێزمان تەنیا کۆمەڵێک ڕێسا نییە، بەڵکو

ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە چۆن جیهانی هێز و ململانێ و سەرکەوتنەکان ئەزموون دەکەین؛ جیهانێک عەقڵ لە شێوەی پێکهاتەی زمانەوانیی سادە و ڕێکوپێک و تێگەیشتوودا بنیاتدەنێتەوە.

**٧ ) سکێمای پێوانە (scale schema )**

لەم سکێمایەدا مرۆڤ خۆی لە چەمکەکانی وەک کەم، زیاتر یان یەکسان لە ئاستی شتەکاندا دەبینێت(Grady,2005:41) . بەگشتی ئەم جۆرە سکێمایە لەگەڵ چەندایەتی شتەکان پەیوەندی هەیە. بۆیە چەمک بەپێی "کەمبوون، زیادبوون، باشترین، لاوازترین، نزمترین و..." هەڵدەسەنگێندرێت (Anderson,1994:480)

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

٤٦- ئەگەر ڕۆژێک هەڕەشەیان لێ کردی ، بزانە لە ئاستی تۆدا لاوازن.

٤٧- لە ئاستی جوانی تۆدا هەرچی بڵێم هەر کەمە.

٤٨- ڕووسیا بەرنامەی چەکی بایۆلۆژیی ئەمەریکای بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ لە جیهاندا ناوبرد.

٤٩- حەدم نییە پێتبڵێم ئەم پانێڵە چۆن بکەی، بەڵام با سەری خۆمان بەو شتە بچووکانە نەیەشێنین.

**ئەم جۆرە سکێمایە زیاتر لەڕێگەی نیشانەی "تر" و "ترین"ەوە نیشاندەدرێت. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:**

٥٠- ئەمڕۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، داتای بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمای ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە.

٥١- لە دۆخێکی وەهادا زیاتر ئەوانە دەکرێنە ئامانج، کە لە نزمترین و لاوازترین پێگەدان.

٥٢- لەلایەن وێنەگرێکی بواری سرووشتەوە، توانی گەورەترین و بەتەمەنترین داری جیهان ئاشکرا بکات و وێنەی بگرێ.

بەگشتی سکێمای پێوانەیی بەو مانایەیە، کە عەقڵی مرۆڤی جیهان لەڕووی قەبارە، چەندایەتی، یان پلەی شتەکانەوە دەپێوێت. واتە ئێمە هەمیشە شتەکان بەراورد دەکەین: شتێک "زیاتر"، "کەمتر"، "گەورەتر"، "باشتر"، یان "لاوازترە". مێشکمان بەشێوەیەکی سروشتی جیهانی دەوروبەرمان نەک بە زاراوەی ڕەها، بەڵکو لەڕووی پلە و بەراوردکردنەوە هەست پێدەکات.

بۆ نموونە کاتێک دەڵێین «لە ئاستی تۆدا لاوازن» یان «ئەوانە لە نزمترین پێگەدان»، لە ڕاستیدا مێشکمان خەریکی دروستکردنی پلیکانەیەکی دەروونییە لە "کەمەوە بۆ زۆر" یان "لاواز بۆ بەهێز". لێرەدا ڕێزمان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت، چونکە بە یارمەتی وشە و پێکهاتەی تایبەت ئەم چەمکە دەروونییە دەردەبڕێت. لە زمانی کوردیدا ئەم پلانە زیاتر لەڕێگەی نیشانەی بەراوردکارییەوە وەک (تر و ترین) یان ڕستەی وەک زیاتر، کەمتر، باشتر نیشاندەدرێت.

لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە، سکێمای پێوەر لە شێوەی پلەی ئاوەڵناو و بنیاتنانی بەراوردکاریدا دەردەکەوێت. واتە ڕێزمان ڕێگەمان پێدەدات قەبارەی ئاوەڵناوەکان پیشانبدەین و جیاوازی نێوان دوو شت یان زیاتر دروستبکەین. بۆ نموونە لە ڕستەی (ڕووسیا بەرنامەی چەکی بایۆلۆژیی ئەمەریکای بە گەورەترین مەترسی ناوبرد)

وشەی "گەورەترین" پێکهاتەی ڕێزمانییە، کە ئاماژەیە بۆ بەرزترین ئاست لە پلیکانەی دەروونی "مەترسی". یان لە ڕستەی (لە ئاستی جوانی تۆدا هەرچی بڵێم هەر کەمە)، وشەی "کەم" نزمترین پلەی ئەو دیاردەیە نیشاندەدات.

بە واتایەکی تر ڕێزمان ئەو کەرەستەیە، کە عەقڵی مرۆڤ دەتوانێت پێی ئەم پلیکانە دەروونییە دەرببڕێت (لە کەمەوە بۆ زیاتر، لە بێوانا بۆ واتادر). ئێمە نوێنەرایەتی چەمکی دەروونی "پێوانە" دەکەین بە یارمەتی پێکهاتە ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژییەکان. بۆ نموونە:

- لە ئاوەڵناوی سەروو و نزم وەک (گەورەتر، گەورەترین)
- لە ڕستەی چەندایەتیدا وەک (زیاتر، کەمتر)
- لەو کارانەی ئاماژە بۆ چڕی دەکەن وەک (زۆر)
- هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی ڕێزمانی هەمان سکێمایی دەروونین.

بە واتایەکی سادە و ساکار، عەقڵمان جیهان وەک فەرمانڕەوایەک دەبینێت، کە لەسەری نووسراوە "کەمتر، زیاتر، باشتر، خراپتر". ڕێزمان یارمەتیمان دەدات ئەم پێکهاتە دەروونییە لە ڕستەدا بە وشە و پێکهاتە نیشانبدەین. کەواتە دەتوانین بڵێین نەخشاندنی پێوانە لە زماندا لەڕووی ڕێزمانییەوە لە شێوەی پلە ئاوەڵناوەکان و ڕستەی چەندایەتی و ڕستەی بەراوردکاریدا دەردەکەوێت و نیشاندەدات چۆن عەقڵی مرۆڤ چەمکەکان لە شێوەی قەبارە و چەندایەتیدا ڕێکدەخات.

**٨) سکێمای ناوەندی - دەوروبەر (center – around schema )**

جەستەی مرۆڤ لە ناوەنددایە، کە لە چەند بەش و پێکهاتەیەکی دەوروبەر پێکهاتووە. مرۆڤەکان ئەم ناوەندگەراییە بەتەواوی وەک دارێک ئەزموون دەکەن، کە لە کۆتەدارێک پێکهاتووە و دەوروبەریی بریتییە لە چڵ و گەڵا. بە واتایەکی دیکە جەستەی سەرەکی یان ناوەندی جەستە، ناسنامەی سەرەکی ئەو شتە تایبەتە پێکدەهێنێت. ئەگەر هەریەکێک لە بەش یان پێکهاتەکان زیانیانی پێگەیشت، ناوەند و جەستەی سەرەکییەکە ناسنامەکەی دەپارێزرێت. بۆ نموونە ئەگەر بەهۆی ڕووداوێکەوە قاچی مرۆڤ بڕا، ئەو کەسە سروشت و ناوەند و تایبەتمەندیی سەرەکیی خۆی دەپارێزرێت و دیسانەوە وەکو مرۆڤ سەیر دەکرێت (بڕوانە (Grady,2005:41 . بە وتەی یانگ ناوەک و ناوەندی سەرەکی گرنگە نەک دەوروبەر(Yung,2020:34)

**سەرنجی ئەم نموونانەی خوارەوە بدەن:**

٥٣- هەرچەندە لە ڕووداوێکدا قاچەکانی بڕاوە؛ بەڵام هێشتا مرۆڤە.
٥٤- هەرچەندە هیچ عەقڵێکی نییە، بەڵام دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ سێ کەسدا بکات.
٥٥- پزیشکەکان دەڵێن جەڵتەی دڵ و مێشکی لێداوە؛ بەڵام هەرچییەک بێت، ئەو مرۆڤە.
٥٦- زمان بهێڵێت، سەر سەلامەتە. ئەم پەندە کار لەسەر هێزی زمان دەکات، لە ئاستی ئاسۆییەکەیدا زمان وەک بوونە فیسیۆلۆجییەکە نوێنراوە.

بەگشتی ئەم سکێمایە، بەو مانایەیە کە مێشکمان جیهان دەبینێت، وەک ئەوەی هەمیشە ناوەندێکی هەبێت و شتەکانی دیکە لە دەوروبەری ئەو ناوەندەدا هەڵکەوتوون. وەک جەستەی مرۆڤ، کە "سەر و دڵ" لە ناوەنددایە و دەست و پێ و لە هەموو دەوروبەریدایە. ئەم سکێمایە لە ڕێزمانیشدا دەبینرێت، چونکە زمان چەمکەکان بە هەمان شێوە ڕێکدەخات: هەمیشە بەشێکی ناوەندیمان لە ڕستەیەکدا هەیە، کە مانای سەرەکی دەبەخشێت، بەشەکانی دیکەش لە دەوری خۆیان و پشتیوانی لێدەکەن.

لە ڕێزماندا ناوەند (ناوەند) هەمان سەرە لە تیۆری X-bar یان فرێزە ڕێزمانییەکان؛ بۆ نموونە لە فرێزی ناویدا سەرە ناوە و لە گرووپی کاردا سەرە کارە. تەواوی وشەکان وەک ئاوەڵناو و ڕستە و تەواوکەر ڕۆڵی پەراوێزی دەگێڕن و ماناکە فراوانتر دەکەن. بۆ نموونە لە ڕستەی "پزیشکانی دڵ و نە خۆشی د"دا، وشەی "سەر" ناوەندی ڕێزمانییە ، چونکە بەبێ ئەو ڕستە بوونی نییە، بەڵام وشەی "پزیشکان" و " نەخۆشی دڵ" و "مێشک" لەدەوری خۆیدایە و ڕۆڵێکی ڕوونکردنەوەیان هەیە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

یان لە ڕستەی «زمان بهێڵێت، سەر سەلامەتە»، «سەر» ڕۆڵی ناوەندی هەیە، چونکە لە بنیاتنانی ڕستەکەدا جێگەیەکی ناوەندی و مانـاداری هەیە و بەشـەکانی دیـکەش بە دەوریـدا ڕێکخراون. بەهەمان شێوە لە فرێزەکانی ناو وەک "پزیشکی باش" وشەی "پزیشک" ناوەندە و "باش" لە دەوری دادەنرێت بۆ وەسف و جەختکردنەوە.

کەواتە لە ڕێزماندا ئەم سکیمایە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە زمان وەک جەستەی مرۆڤ، پێکهاتەیەکی ناوەندی هەیە: هەر ڕستەیەک یان گرووپێکی ڕێزمانی، ناوەندێکی (سەر)ی هەیە، کە ناسنامەی ڕستەکە دیاریدەکات و توخمەکانی دیکەی وەک وەسفکەر و تەواوکەر و پێکهاتەی ڕستە لە دەوری دادەنرێت. ئەگەر یەکێک لە بەشە دەورییەکان لابرێت، هێشتا ڕستەکە مانای هەیە، چونکە ناوەندەکە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ناوەندەکە لاببرێت، ڕستەکە لەیەک دەکەوێت.

زمان وەک جەستەی مرۆڤ وایە. بەشێکی سەرەکی هەیە، کە هەموو شتێک بە دەوریدا دەسوڕێتەوە. لە ڕێزماندا ئەو بەشە سەرەکییە "سەر"ی ڕستەکەیە وەک (کار یان ناوی) و تەواوی وشەکان بە دەوریدا دێنە دەوری بۆ تەواوکردنی ماناکە. ئەمە هەمان نەخشاندنە کە مێشکمان بۆ بنیاتنانی ڕستە بەکاریدەهێنێت.

**٨) سکێمای پێواژۆ/ ڕەوت (.process schema)**

زۆرێک لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەک "ڕۆیشتن"، "کارکردن"، "شۆردن"، "خواردن"، هتد، کە جۆرێک لە بەردەوامی و دووبارەبوونەوە تێیدا هەیە، لەڕێگەی ئەم سکێمایەدا دەخرێتەڕوو ( گندمکار، ١٣٩٩ : ٢٠٤). بۆ نموونە:

٥٧- هەموو ڕۆژێک دەچینە قوتابخانە و وانەکان دەخوێنین.

٥٨- وەک هەمیشە دەبێت تا کۆتایی هەفتە کار بکەین.

٥٩- نۆرەی منە جارێکی تر قاپەکان بشۆمەوە.

٦٠- بۆ من ژەمی خواردنی بەیانیان گرنگترین ژەمە.

٦١- هەموو ڕۆژێک بەردەوام کار دەکەین لەسەر پەرلەمانی کوردستان، بەوەی یاسای نوێ دەربکرێت، کە لە بەرژەوەندی دابینکردنی یەکسانی بێت.

٦٢- زەوی بە دەوری تەوەرەکەی خۆیدا دەخولێتەوە، کە لە ئەنجامدا ڕۆژ و شەو دروستدەبێت.

هەندێک جار لەم سکێمایەدا دیاردە سروشتییەکان دەتوانن بگۆڕدرێن و ببنە یەکتر؛ چونکە هۆکارەکانی وەک تواندنەوە، هەڵمبوون، بەستن و...هتد دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە دیاردەکاندا. بۆ نموونە گۆڕینی ئاو بۆ سەهۆڵ یان بە پێچەوانەوە، گۆڕینی چیا بۆ زریا و هتد (Rumelhart,1980:75)

ئەم جۆرە سکێمایە نیشاندەدات، کە عەقڵی مرۆڤ ڕەفتار و چالاکییەکانی ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام و دووبارەبووەوە ڕێکدەخات. لە زماندا ئەم سکێمایە یارمەتیمان دەدات بۆ دەربڕینی ڕستەکان سەبارەت بە چالاکییەکان، بۆ ئەوەی گوێگر یان خوێنەر بتوانێت لە ڕەوتی ڕووداوەکان تێبگات. بە واتایەکی سادەتر مێشکمان چالاکییەکان وەک زنجیرەیەک جووڵە یان کردارێک دەبینێت، کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕوودەدەن و زۆرجار دووبارەدەبنەوە، وەک چوون بۆ قوتابخانە هەموو ڕۆژێک، خواردنی نانی بەیانی، یان کارکردن لە ماوەی هەفتەدا.

لە ڕێزماندا ئەم سکێمایە لە شێوەی کاری کاتی و ڕستەی کاتدا دەبینرێت؛ واتە ئێمە کاتێکی سادەی ئێستا، کاتێکی بەردەوامی ئێستا، یان ڕستەی ڕۆژانە و هەفتانە بەکاردەهێنین بۆ نیشاندانی بەردەوامی و دووبارەبوونەوە. بۆ نموونە لە ڕستەی "هەموو ڕۆژێک دەچینە قوتابخانە و وانەکان دەخوێنین"دا کاری "دەچین" و "دەخوێنین" گوزارشت لە چالاکییە

بەردەوامەکان دەکەن و ڕستەی "هەموو ڕۆژێک" کاتی دووبارەبوونەوە دیاریدەکات. بەهەمان شێوە لە «وەک هەمیشە دەبێت تا کۆتایی هەفتە کار بکەین»، دەستەواژەی «وەک هەمیشە» و «تا کۆتایی هەفتە»ئاماژەیە بۆ ئەوەی چالاکییەکە لە ماوەی دیاریکراو و دووبارەبووەوە ڕوودەدات.

هەروەها ئەم پلانە ڕێگەمان پێدەدات گۆڕانکارییە سروشتییەکان و بارودۆخی ژینگەیی لە ڕستەدا هەنگاو بە هەنگاو نیشانبدەین. بۆ نموونە ڕستە ی «زەوی بە دەوری تەوەرەکەی خۆیدا دەخولێتەوە، کە لە ئەنجامدا ڕۆژ و شەو دروستدەبێت»چالاکیی زەوی و جووڵەی بە درێژایی شەو و ڕۆژ بە بەردەوام وەسفدەکرێت، ئەمەش هەمان سکێمای ڕەوت ڕەنگدەداتەوە، چونکە بەردەوامی و ڕێکخستن و گۆڕانکاری سروشتی لەخۆدەگرێت..

**ئەنجام**

جۆرەکانی سکێما یەکێکە لە ڕێگاکانی درکپێکردن و تێگەیشتنی واتا و چەمکە ئەبستراکتەکان، کە لە زمانناسیی درکپێکردندا. بەپێی ئەوەی بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە، هەر بۆیە توێژەران دەتوانن لە شیکردنەوەی دەقی نووسراو و گوتراودا، ئەم سکێمایانەی خوارەوە بەکار بهێنن. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین پەیوەندی نێوان سکێماکان و پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بەوردی و بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

١. **سکێمای ئاراستەیی** : ئەم سکێمایە ئەوە دەردەخات، کە عەقڵی مرۆڤ لە ڕێڕەوی جووڵە یان گەیشتن بە ئامانج تێدەگات، لە زمانی کوردیدا ئەم تێگەیشتنە بە یارمەتی کاری جووڵە و ڕستەی ئاراستەیی ڕەنگدەداتەوە، وەک «بیرکردنەوەیەک هاتە مێشکم»، کە کاری "هات" ڕێگای گەیشتن بە ئامانج دیاریدەکات.

٢. **سکێمای سووڕ** : ئەم سکێمایە پەیوەندی بە خول و دووبارەبوونەوەی سروشتییەوە هەیە. لە ڕێزمانی کوردیدا بە کاتە خولگەییەکان و پێکهاتەی ڕستەیی نیشاندەدرێت، وەک «هەموو ساڵێک نوێبوونەوەی ساڵی هەتاوی» کە ئاوەڵناوی «هەموو ساڵێک» و کاری «ڕوودەدات» دووبارەبوونەوە و سووڕی ڕووداوەکان دیاری دەکەن.

٣. **سکێمای هێز** : ئەم سکێمایە تیشکدەخاتە سەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات و بەرخودان و کارلێکی نێوان هێزەکان، وەک ڕستەی «نەیتوانی لە تاقیکردنەوەکە دەربچێت» کە کاری نەرێنی و پێکهاتەی ڕستەکە، کاریگەریی هێز و سنووردارکردنەکان نیشاندەدات.

٤. **سکێمای پێوانە** : ئەم سکێمایە جەخت لەسەر بەراوردکردنی چڕی و چەندایەتی و چۆنییەتی دەکاتەوە، لە ڕێزمانی کوردیدا بە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی بەراوردی وەک دیاردەیەکی کەم و زیاد پیشاندەدرێت، وەک «داتای بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمای ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە»، ئاوەڵناوەکان «بەرزترین» و «نزمترین» پێوەرەکە دەخەنەڕوو.

٥. **سکێمای ناوەندی-دەوروبەر**: ئەم سکێمایە تیشکدەخاتە سەر توخمە ناوەندییەکان و لە زمانی کوردیدا لەگەڵ توخمە ناوەندییەکان و دەربڕینە پەیوەندیدارەکان، وەک ڕستەی «هەرچەندە هیچ عەقڵێکی نییە، بەڵام دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ سێ کەسدا بکات»، کە «مرۆڤ» وەک ناوەند و بەشەکانی دەوروبەری لە دەوروبەریدا ڕوونکراوەتەوە.

٦. **سکێمای ڕەوت** : ئەم سکێمایە پەیوەندی بە چالاکییە بەردەوام و دووبارەبووەکانی مرۆڤەوە هەیە، لە زمانی کوردیدا بە کاری کاتی و ڕستەی

دووبارەبوونەوە و بەردەوامی دەردەبڕدرێت، وەک «هەموو ڕۆژێک دەچینە قوتابخانە و وانەکان دەخوێنین»، کە کارە سادەکانی ئێستا و ڕستەی «هەموو ڕۆژێک» بەردەوامی و پرۆسەی چالاکییەکە نیشاندەدەن.

لە دەرەنجامێکی گشتیدا هەریەک لە جۆرەکانی سکێما ڕێنوێنییەکە بۆ عەقڵی مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ئەزموونەکان و تێگەیشتن لە جیهان و ڕێزمانی کوردیش ئامرازی سەرەکییە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەو جۆرە سکێمایانە؛ کار، ئاوەڵناو، ڕستە و پێکهاتەکانی ڕستە بەوردی و ڕاستەوخۆ ڕۆڵی گواستنەوەی واتای دەروونی دەگێڕن و ڕێگە دەدەن چەمکە ئاڵۆزەکان بەڕوونی و سادە و ڕەوان لە زمانەکەدا دەربڕدرێن.

## *سەرچاوەکان:*


*١- بە زمانی کوردی*

- محەممەدی، عادڵ (٢٠٢٣). تێگەیشتنی هەڵە لە زمان، ستۆکهۆڵم-سوید: چاپی (books٤٩).
- -سۆرخی، ڕەحیم و محەممەدی، عادڵ (٢٠٢٥). فەرهەنگی وەسفیی شیکردنەوەی گوتار و مەبەستناسی، هەولێر: ئاکادمیای زمانی کوردی.
- راسخ مهند، محمد (١٣٨٩). درآمدی بر زبان شناسی شناختی: نظریه-ها و مفاهیم،چاپ اول، تهران: سازمان مطالعه و
- عبدالكريمی، سپیده (١٣٩٣). *فرهنگ توصیفی معنی‌شناسی شناختی*، تهران : نشر علمی.
- گندمکار، راحله (١٣٩٩). *فرهنگ توصیفی معنی‌شناسی*، تهران : نشر علمی.
- صفوی، کوروش (١٣٨٤). *فرهنگ توصیفی معنی‌شناسی*، تهران: انتشارات فرهنگ معاصر.

*٣- بە زمانی ئینگلیزی*

- Anderson, R. (1994). Role of the reader's schema in comprehension, learning, and memory. In Ruddell, R., Ruddell, M., and Singer, H. (Ed.), *Theoretical Models and Processes of Reading* (4th ed.), (pp. 469–482). Newark, NJ: IRA.
- Azzahrah, S. (2025). Unlocking the Mind's Language: Exploring Cognitive Linguistics and Language Processing. *LIER: Language Inquiry & Exploration Review*.
- Rumelhart, D. E. (1980). Schemata: The building blocks of cognition. In R. J. Spiro et al. (Eds.), Theoretical issues in reading comprehension (pp. 33–58). Hillsdale, NJ: Erlbaum. University
- Bergen, B. K. (2012). *Louder Than Words: The New Science*

*of How the Mind Makes Meaning*. New York: Basic Books.
- Croft, W., & Cruse, D. A. (2004). Cognitive Linguistics. Cambridge: Cambridge University Press.
- Evans, V. and M. Green (2006), *Cognitive Linguistics: An Introduction*, Edinburgh: Edinburgh University Press Ltd.
- Grady, J. E. (2005). Image schemas and perception: refining a definition. In B. Hampe (Ed.), From perception to meaning: image schemas in cognitive linguistics (pp. 35 – 56. Berlin: Mouton de Gruyter.
- Johnson, M. (1987). *The Body in the Mind. The Bodily Basis of Meaning, Imagination and Reason*. Chicago: University Press.
- Johnson-Laird, P. N. (1983). Mental models: Towards a cognitive science of language, inference, and consciousness. Cambridge: Cambridge University Press.
- - Chomsky, N., (1965). Aspects of the Theory of Syntax, Cambridge: MIT
Press.
van Dijk, T. A. (2008). Discourse and context: A sociocognitive approach. Cambridge: Cambridge University Press.
- Garnham, A. (1997). Mental models and the interpretation of anaphora.
Psychology Press.
- Lakoff,G .(1993). The Contemporary Theory of Metaphor and Thought. AndrewOrtony (Ed.). Combridge: Cambridge University Press.
- Langacker, R. W. (2008). Cognitive grammar: A basic introduction. Oxford: Oxford University Press.
Zwaan, R. A., & Radvansky, G. A. (1998). Situation models in language comprehension and memory. Psychological Bulletin, 123(2), 162–185. Press.
- Luria, A. R. (1976). *Cognitive Development: Its Cultural and Social Foundations*. Harvard University Press.
- Rumelhart, D. (1980). Schemata: The building blocks of cognition. In R. Spiro, B. Bruce, and W. Brewer (Eds.), *Theoretical Issues In Reading Comprehension* . Hillsdale, NJ: Erlbaum.
- Saeed, J.I. (2013). *Semantics*, Oxford: Blackwell.
- Sullivan, K. (2021). Language, Mind, and Human Categorization. Cambridge University Press.
- Talmy, L. (2005). *The fundamental system of spatial schemas in language*. In B. Hamp (Ed.), *From perception to meaning: Image Schemas in Cognitive Linguistics* (pp. 199-234).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

Berlin, Germany: De Gruyter Mouton.

- Thagard, P. (2019). Mind: Introduction to Cognitive Science. MIT Press.
- Wachowiak, L., & Gromann, D. (2022). *Systematic analysis of image schemas in natural language through explainable multilingual neural language processing*. In *Proceedings of the 29th International Conference on Computational Linguistics* (COLING 2022), 5571-5581. International Committee on Computational Linguistics.
- Yang, W. (2020).*A Cross-Cultural Study of Commercial Media Discourses: From the Perspective*. Berlin: Springer.
- Zhou, J., Lahlou, H., & Azam, Y. (2023). *Image schemas in The Great Gatsby: A cognitive linguistic analysis of the protagonist's psychological movement. Language and Communication*, Advance online publication.